# ڕۆڵی بەرنامەی کوردسات کوردەواری لە پاراستن وهێشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردیدا

م.ی. دەریا عبدالوهاب لطیف

daria.latif@spu.edu.iq

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/

پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی/ تەکنیکی میدیا

د. کوڤان حسێن سەعدۆ

kovan.saado@univsul.edu.iq

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ ڕاگەیاندن- تەلەفزیۆن

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختەی توێژینەوەکە:**

پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوان کولتور و میدیادا هەیە. لەلایەک میدیا دەبێتە کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کولتوری نوێ و هاوردەکردنی کولتوری گەلانی تر. لە لایەکی ترەوە، میدیا دەشێت ببێتە پارێزی کولتوری نەتەوەیی و ئاوێنەی گشت ڕەهەندەکانی ناسنامەی کولتوری نەتەوەکەی بێت. کورد، خاوەن میراتێکی دەوڵەمەندی کولتورییە، بەدەر لە پارچەبوونی جیۆپۆلیتیك و سەرکوتکاریی مێژووی، ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە بووتەوە لە کولتوری خۆیدا. ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی زانستییە بۆ خستنەڕووی پەیوەندی نێوان کولتور و میدیا، لە ڕێگەی وردبوونەوە لە ڕۆڵی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بۆ پاراستن وهێشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردی. گەرچی بەشێك لە ناوەرۆکی ئەمرۆی تەلەفزیۆن بووتە ئەسپی تەروادە بۆ هاوردەکردنی کولتوری بیانی، بەڵام بەشێک لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەئاراستەی پاراستنی کولتوری ناوخۆیی کاردەکەن. لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران نموونەیەك لەو جۆرە بەرنامەیە وەردەگرن کە پێیانوایە لە پێناو پاراستن و پێشخستنی کولتوری کوردی کاردەکات، لەڕێگەی ناساندنی کەرەستە و بابەتە کولتورییە کوردییەکان. لەم توێژینەوەیەدا توێژەران پشتیان بە میتۆدی وەسفی بە بەکارهێنانی شێوازی ڕووپێوی بەستووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی- پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، سامپڵی توێژینەوەکە کە بەشێوەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار دەستنیشانکراوە و بەشێوەی (پشکی بەرێکەوت، نمونەیەکی دیار بۆ توێژینەوەکە هەڵدەبژێردرێت. کە خوێندکارانی هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) لە بەشی (تەکنیکی میدیا و ژمێریاری و کارگێری – ئێواران) پێکدەهێنن، کە ژمارەیان (225) خوێندکارە، لەڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە بریتییە لە:

1- بینەری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، بە تایبەت کەناڵی کوردسات، بە بەراورد بە کەناڵە کوردییەکانی تر. ئەم کەناڵە لە ڕێگەی بەرنامەکانییەوە بایەخ بە پرسە نەتەوەیی و کولتورییەکان دەدات.

2- بەرنامەی کوردسات کوردەواری توانیویەتی ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە پاراستن و هێشتنەوەی شوناسی کولتوری، لە ڕێگەی خستنەڕوو، ناساندن و ئاشناکردنی نەوەی نوێ بەو ماکە کەلوپەرییانەی کە کولتوری کوردی پێی دەناسرێت، بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەی کولتوری کوردی.

له گرنگترین پێشنیارەکانی توێژەران بریتییە لە:

1 - رادەی سودوەرگرتنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە کولتوری کوردی بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەو بەرنامەی زیاترو باشتر سەبارەت بە بابەتە کولتورییە کوردییەکان.

2 - دەزگای میدیای کوردسات بەرنامەی زیاتر بەرهەمبهێنێت لە بابەتە کولتوریە کوردییەکان، تا ببێتە پێشەنگ بۆ کەناڵەکانی دیکە لە پێناو پاراستنی کولتور و شوناسی نەتەوەی کورددا.

**کلیلە وشەکان:** بەرنامە، کوردسات کوردەواری، پاراستن و هێشتنەوە، کولتور

## پێشەکی:

میدیا بەیەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری دادەنرێت. یەکێك لە ئەرکەکانی میدیا بە گشتی و بە تایبەت تەلەفزیۆن ناساندن و تێکەلاو بوونی کولتورەکانی جیهانە بە یەکتر، کاریگەری بەرچاوی هەیە بۆ زیاتر ناساندنی و ئاشناکردنی کولتووری کۆمەڵگە جیاوازەکان بە مرۆڤ ، تازیاتر ئاشنای کولتوور بین زیاتر یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەست کەوتنی زانیاری لەسەر داب و نەریت و هەڵسوکەوتی میللەتە جیاوازەکان. بیگومان تەلەفزیۆنە کوردییەکانیش لەو ئەرکە گرنگەی میدیا بە دوور نین و کۆمەڵێك بەرنامەو پرۆگرامی تایبەت بەو بوارە دەبینرین لەسەر شاشەی کەناڵە کوردییەکانەوە ، بەرنامەی کوردسات کوردەواریش لە کەناڵی کوردسات یەکێکە لەو بەرنامە کولتوریانەی کە ئامانجی هشتنەوەو پاراستنی داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردی و ئاشنا کردنی کولتورو کەلوپەلە کەلەپوریە کوردییەکانە بە بینەران و لە رێگەیەوە ناساندن بە جیهانی دەرەوە و هێشتنەوەی لە شوناسی کوردیدا . ئەم توێژینەوەیە بە ناوی (رۆڵی بەرنامەی کوردسات کوردەواری لە پاراستن وهێشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردیدا) رادەی گرنگی بەرنامەی وەرگیراو لە پاراستن و هێشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردی دەردەخات. توێژینەوەکە خۆی لە سێ بەشدا دەبینێتەوە کە بریتین لە (بەشن یەکەم میتۆدنامەو بەشی دووەم تیوری و بەشی سێیەم پراکتیکیە) پاشان دەرئەنجام و راسپاردە و پێشنیازەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:

### ١- ١: کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە خستنە رووی ئەو ڕۆڵەی کە بەرنامەی کوردسات کوردەواری دەیبینێت لە پاراستن و هێشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردی، دەرخستنی ڕۆڵی ئەرێنی/نەرێنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی کوردی لە ناساندن و خستنەڕووی کولتور و کەرەستە کەلەپورییەکان) وەك بەشێك لە پاراستن و هێشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردی. لێرەدا بەرنامەی کوردسات کوردەواری وەك نموونە وەرگیراوە. هەڵبەتە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان رەنگدانەوەی رەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگان، بەرنامەی کوردسات کوردەواری لە کەناڵی کوردسات تایبەتە بە نمایش کردن و ناساندنی کەرەستە کەلەپوری و یارییە کوردەوارییەکان. لە میانەی ئەو کێشە سەرەکییەوە توێژەران هەوڵی دەستخستنی وەڵام بۆ چەند پرسیارێك دەدات:

**١-٢: پرسیاری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی چەند پرسیارێک دەدات لەبارەی ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و بەتایبەت بەرنامەی کوردسات کوردەواری لە پاراستن وهێشتنەوەی کولتوری کوردیدا.

1-تا چ رادەیەک میدیای کوردی گرنگی بە پاراستن کولتور دەدات وەك بەشێك لە ناساندنی شوناسی کولتوری؟

2- ئایە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەرنامەی تایبەتیان هەیە بۆ ناساندنی کولتوری کوردی و شوناسی کولتوری؟

3- بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە چ ڕوویەکەوە دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە پاراستن و هێشتنەوەی شوناسی کولتوری؟

4-بەرنامەی کوردسات کوردەواری تا چ رادەیەک رۆڵی هەیە لە پاراستن و هیشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردی؟

**١- ٣: گرنگیی توێژینەوە:**

**گرنگی پراکتیکی -** ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بەرچاوڕوونی دەداتە توێژەرانی بواری میدیا، ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران، شارەزایانی بواری کولتور و پرسی ناسنامە. لە هەمانکاتدا هەوڵێکە بۆ فەراهەمکردنی تێگەیشتنێکی قووڵ سەبارەت بە ڕۆڵی دەزگا میدیاییەکان و کاریگەری ناوەڕۆکی تەلەفزیۆنی لەسەر پاراستن و زیندوو هێشتنەوەی کولتور، و کاریگەری دامەزراوە میدیاییەکان دەتوانن لەسەر بیرو دیدەی تاک و کۆمەڵگە، ئەمەش گرنگە بۆ دووبارە زیندووکردنەوەو پاراستنی کولتوری کوردی و ناساندنی .

**گرنگی زانستی:** ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ کتێبخانەی ئەکادیمی زانکۆکان، کە بوارەکانی میدیا و مێژوو لێی سوودمەند دەبن، بەتایبەتی دەرئەنجانی توێژینەوەکە کە دەکرێت ببێتە پێودانگێك بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامە کۆمەڵایەتیەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بۆ توێژەرانی ئایندە سەبارەت بە کولتورو شوناسی کورد.

**١-٤: ئامانجی توێژینەوە:**

١_ زانینی رادەی گرنگیدانی میدیای کوردی بە کولتوری کوردی لە پێناو پاراستنی شوناسی کورددا.

٢-زانینی رۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لە پاراستن و بە زیندووهێشتنەوەی کولتوری کوردی.

٣- زانینی بوونی بەرنامەی تایبەت بە پاراستن و هیشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردی.

٤- دەرخستنی رۆڵی بەرنامەی کوردسات کوردەواری لە پاراستن و هیشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردی.

١ – ٥: **میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، میتۆدی (ڕووپێوی)ی تێدا پەیڕەودەکرێت، بەوپێیەی هەوڵێکی زانستی ڕێکخراوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو داتا و زانیاریانەی کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە دەیخوازێت، بووە بە جێگەی متمانەی زۆرێك لە توێژەرانی ئەم بوارە و میتۆدی ڕووپێوی بە ڕێبازێکی گونجاو و کارا دادەنرێت لای زۆربەی توێژەران.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**١-٦: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە:**

مەبەست لە کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە سەرجەم ڕەگەز و تاکەکانی توێژینەوەکەیە کە پەیوەندییان بە کێشە و ئامانجی دیاریکراوەوە هەیە و دەستنیشانکراون، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە(خوێندکارانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی)، سامپڵی توێژینەوەکە کە بەشێوەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار دەستنیشانکراوە و بەشێوەی (پشکی بەڕێکەوت)، نمونەیەکی دیار بۆ توێژینەوەکە هەڵدەبژێردرێت. کە خوێندکارانی هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) لە بەشەکانی (تەکنیکی میدیا و ژمێریاری و کارگێری کار – ئێواران) پێکدەهێنێن، کەژمارەیان (225) خوێندکاری وەرگیراوە، هۆکاری وەرگرتنی ئەو خوێندکارانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو تەمەنێکی گونجاو خاوەن پیشەی جیاواز لە خۆدەگرن، کەکۆی گشتی خوێندکارانی هەرسێ بەشی ناوبراو ژمارەیان(504) خوێندکارە، کە (240) فۆرم دابەش کراوە دواتر لە کۆی (240) فۆرمی دابەش کراو (225) فۆرمی بۆ گەڕاوەتەوە بە ڕێژەی (93.75%) لە سەرجەمی فۆرمە دابەش کراوەکان، هەروەها (15) فۆرم لەبەر نەبوونی مەرجی زانستی تیایاندا دوور خراونەتەوە، بەو جۆرە (225) فۆرمی ڕاپرسی دروست مانەوە لەکۆی فۆرمە دابەش کراوەکان. بڕوانە خشتەی (1).

خشتەی (١)

کۆمەڵگا وسامپڵی توێژینەوەکە بە پێی ناوی بەشەکان و ژمارەی خوێندکارانی ئێواران ڕووندەکاتەوە:

| کۆمەڵگە و سامپڵ | دووبارەبووەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| تەکنیکی میدیا | 109 | %21.62 |
| ژمێریاری | 182 | 36.11٪ |
| کارگێری کار | 213 | 42.26٪ |
| کۆی گشتی | 504 | 100 |

**١-٧: ئامرازی توێژینەوە:**

توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە فۆڕمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە.

**فۆڕمی ڕاپرسی:** ئامرازێکی ڕاستەوخۆیە بۆ پرسیار کردن لە تاکەکان بە مەبەستی زانینی ڕاستی، باوەڕ و ڕۆانینیان، واتا بەشداری تاکەکان لە هەڵسەنگاندن، یان ئەنجامدانی کارێك. یەکێکە لە ئامرازە زانستییەکان، کە توێژەران پشتی پێدەبەستن لەڕووی (مەیدانی) کردنییەوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر سامپڵی توێژینەوەکەی. لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە، توێژەران دەیانەوێت داتاو زانیاری وورد بەدەستبهێنن بە هۆی خستنەڕووی کۆمەڵێك پرسیار دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە.

**1-٨: دیاریکردنی سنوری توێژینەوەکە:**

١- سنووری شوێن: شاری سلێمانی.

٣- سنووری مرۆیی: خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی- ئێواران.

٤- سنووری کات: (مانگی ١ و ٢ی ساڵی ٢٠٢٥).

**1-9: ئاستی ڕاستی توێژینەوەکە:**

توێژەران، بۆ گەیشتن بە پێوەری ڕاستی پشتی بە (3) پسپۆری ئەکادیمیی بواری میدیا بەستووە،[1] دوای هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسی لەلایەن پسپۆران و ئەنجامدانی کاری ئاماریی، دەرکەوت بۆ فۆرمی ڕاپرسیەکە ڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (88.8%). کە بە ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستەقینەی ڕاستی دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە. بڕوانە خشتەی (2).

خشتەی (2)

(ئاستی ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی خوێندکاران)

| ژ | تەوەرەکان | ژمارە | گونجاو | نەگونجاو | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پرسیاری بنەڕەتی | 4 | 4 | - | %100 |
| 2 | پرسیاری تایبەت بە کولتور | 14 | 12 | 2 | %88. 8 |
| | کۆی گشتی | 18 | 16 | | |

(کۆی گشتی برگە گونجاوەکان/کۆی گشتی برگەکان دواتر لێکدانی 100 دەکرێت بەو شێوەیە ڕێژەی ئاستی ڕاستی دەرکراوە 16 ÷ 18 = 0.888 × 100 = 88.8%)

**1-10: ئاستی جێگیری توێژینەوەکە:**

توێژەران (الاتساق عبر الزمن) بەکارهێناوە واتا دوای تێپەربوونی ماوەیەك بەسەر تاقیکردنەوەکەدا دووبارە تاقیکردنەوەکە ئەنجام ئەداتەوە. بە بەکارهێنانی کاتی دیاریکراو بۆ پێوانەکردنی ئاستی جێگیری ڕاپرسیەکە لەم توێژینەوەیەدا. ئەم شێوەیەش پێی دەوترێت (Test-Retest Reliability) واتا تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە، کە

ڕیزبەندنی ناوی پسپۆران بەپێی نازناوی زانستییان بۆ دەرهێنانی ڕاستی و درووستی ئامرازی توێژینەوەکە:
1- ی.پ .د باقر داود حسێن، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/کۆلێژی تەکنیکی کارگێری ڕاگەیاندن- ڕۆژنامە.
2- د.چۆلی ئەسعەد جەراد، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی- بەشی تەکنیکی میدیا/ زمانی ڕاگەیاندن.
3- د . هونەر رسول صالح، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی- بەشی تەکنیکی میدیا/ میدیای ئەلکترۆنی.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

(22) فۆرم بەسەر خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکەدا دابەشکردووە، دواتر لە ماوەی (10) رۆژدا لە دوای دابەشکردنی یەکەم (22) فۆرمی راپرسی دووبارە دابەشکراونەتەوە بەسەر خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکەدا ئەمەش بە واتای لە (10%) کۆی سامپڵی وەرگیراوە، دواتر پەیوەندی پێکەوە بەستراو لە نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکەدا دەرهێنراوە لە رێگەی پشت بەستن بە (پێوانەی پێرسۆن) بە بەهای هاوکێشەی جێگیری (89.7٪)بووە، ئەمەش رێژەیەکی باشە لە رووی زانستیەوە، بەم جۆرەش ئامرازەکە ئاماژەدارە بۆ جێ بەجێ کردن لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە.

**11-1: توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- **توێژینەوەی (آحمد : 2022)** بە ناونیشانی: (الثقافة الكردية بين الإحياء والإبادة خلال سنوات الأزمة السورية)، توێژینەوەکە لە (مركز الفرات للدراسات) بڵاوکراوەتەوە. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی لە جۆری رووپێوی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ناساندنی دۆخی کولتوری کوردی لە سەردەمی پێش قەیرانی سوریا و ساڵانی قەیرانی سوریا، هەروەها ئامانجی ناساندنی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی زیندووبوونەوەی کولتوری کوردی. توێژینەوەکە لە دەرئەنجامدا گەیشتووە بە:

بنبڕکردنی هەر میللەتێك لە کولتورەکەیەوە دەستپێدەکات، بۆیە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراون، ئامانجیان سڕینەوەی کولتوری کوردی بوو لە رێگەی شەر و ململانێ هەوڵ بۆ لەناوبردن و توانەوەی کولتوری کورد دراوە و ئاوێتەکردنی لەگەڵ کولتووری فارس، تورك و عەرەب. بۆیە توێژەران پێیان وایە مرۆڤ بێ کولتور ناژی و و ئەرکی میللەتەکەی پارێزگاری لە کولتوری نەتەوەکەی بکات، و ئەرکی دامەزراوەکانە پاراستنی کولتوری وڵات لە ئەستۆ بگرن.

2- **توێژینەوەی (قەرەداخی، کاکە شێخ: 2019)** بە ناونیشانی: (پرسی شوناس لە میدیای نوێدا، شوناس لە تەونی جاڵجاڵۆکەیی Web1تا Web 3) توێژینەوەکی بڵاوکراوەیە لە (مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع، عدد خاص بالمؤتمر العلمي الاول لقسم التقنية الاعلامية، كلية الادارية - جامعة السليمانية التقنية) لە ژمارە (38)ی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە. کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوەکە ( web 1 تا web 3) میتۆدی شیکاری بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەئامانج. لەگرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە هەژاندنی ئەو ترس و نیگەرانیانەی لەگەڵ پێشکەوتنی ئینتەرنێت و میدیای نوێدا هاتونەتە ئاراوە، هەروەها هاندانی ناوەندە پەیوەندیدارەکان بۆ رێکخستنی هەڵمەتی نیشتمانی، ئەکادیمی، یاسایی و فەرهەنگی، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی لاوان و نەوەی نوێ لە مەترسی و هەرەشەکانی ئینتەرنێت لەسەر کولتوری نەتەوەیی و نیشتمانی. توێژینەوەکە، بەم دەرئەنجامە گەیشتووە:

أ- میدیای نوێ، یاساو رێسا و گۆرانکاری دراماتیکیان لە شێوازی ژیانکردن و چۆنێتی بیرکردنەوەو پەیوەندی نێوان تاکەکان هێناتەوەئاراوە، ئەم دۆخەش کاریگەری خراپ لەسەر کولتورو شوناس جێدەهێڵێت.

ب- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازی بەرفراوانی پەیوەندیکردنن، بەڵام لە هەمانکاتدا سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری ناراستن، مرۆڤی ئەم سەردەمە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری و هەژمونی تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندان.

**12-1: سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەران، توانیویانە لەڕووی جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە، شێوازی دارشتنی لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە و سەرچاوە زانستییەکاندا سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرن، لە هەمانکاتدا لە دروستکردن و دانانی ئامرازی توێژینەوەکەوە سوودمەند بوون.

لەپاش ئەنجامدانی رێکاری زانستی توێژینەوەکە گەیشتینە ئەوەی: توێژینەوەکە لەڕووی جۆری میتۆد و ئامرازی بەکارهێنراو و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا، بەڵام کۆمەڵگا و سامپڵ و سنووری توێژینەوەی ئێستا، لەگەڵ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانیدا جیاوازە لە توێژینەوەکانی پێشوو.

**13-1: دیاریکردنی چەمکەکان:**

**بەرنامە**: مەبەست لێی ئەو مەتریالە تەلەفزیۆنییانەیە کە لە فۆرمی (زانیارییەخش، خۆشباری یان کارلێك) پێشکەشدەکرێت و بەشێك لە ناوەرۆکی کەنالێکی دیاریکراوە پێك دەهێنن تایبەت بە بابەت یان بوارێکی دیاریکراوە و بە چەند قۆناغێك ئامادە دەکرێت.

**کوردسات کوردەواری**: بەرنامەیەکی هەفتانەی زانیارییەخشە لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات پێشکەش دەکرێت، لە رێگەی کارلێك و پەیوەندی تەلەفۆنییەوە خەڵات پێشکەش بەو وەگرانە دەکات کە زانیاری راست لەبارەی کەرەستەو کەلوپەلە کەلەپۆری و یارییە کوردەوریەکان پێشکەش دەکەن ئامانج لێی ناساندن و زیندوهێشتنەوەی کولتوری کوردییە.

**پاراستن و هێشتنەوە**: کرداری پاراستن و پارێزگاریکردنە لە تەنێکی ماددی یان مەعنەوی بەهادار، کە کەسێك یان لایەنێك ئەنجامی دەدات، لیرەدا مەبەست لێی پاراستن و هێشتنەوەی کولتوری کوردییە لە میدیایەکانەوە، بە دیاریکراویش بەرنامەی تەلەفزیۆنی.

**کولتور:** ئەو داب و نەریت و رێکەوتنە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە کە گرۆپێکی ئیتنیکی، نەتەوەیی.تاد پێی دەناسرێت خۆی لەوانەی تر جیادەکاتەوە، لیرەدا مەبەست لێی کولتوری کوردییە، کە وەك هەرگەلێکی تری دنیا خاوەن کولتوری خۆیەتی.

**بەشی دووەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:**

**یەکەم: چەمک وناساندنی کولتور:**

کولتور چەمکێکی فرەرەهەندە و لەنێو زانستە جیاوازەکاندا بەپێی تێڕوانینی جیاواز پێناسە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. زیادەڕۆیی نابێت ئەگەر بڵێین هیچ چەمکێك هێندەی چەمکی کولتور جێگای مشتومر وگفتۆگۆ نییە، چونکە لەهەر گۆشەیەکەوە بۆی بروانیت، ماناو تێگەیشتنێکی ترت دەستدەکەوێت و هەر بوار وکایەکی زانستی، پێناسەی جیاواز و دژ یەکێیان هەیە بۆ کولتور. وتەیەکی زۆر بەناوبانگی رەیمۆند ویلیامز دەبارەی پێناسەی کولتور هەیە کە دەڵێت " کەلتور، یەکێکە لە ئاڵۆزترین دووسێ وشەی نێو زمانی ئینگلیزی" لە دیدی ویلیامزەوە ، کولتوری " میوزیك، ئەدەب، شێوەکاری، پەیکەرسازی، میدیا، شانۆ و سینەمایە"(Williams, 1976: 87).

کولتور هەر تەنها پەیوەست نییە بە کایەیێکی دیاریکراوی ژیانەوە، کولتور پەیوەستە بە ژیانی مادی وهزری مرۆڤ وکۆمەڵگەوە. کولتور گەنجینەی مێژووی میللەتە کە (داب و نەریت و ئایین و زمان و ئەدەب و هونەر و جل و بەرگ

و کەرسەی ناوماڵ و بابەتەکانی بیناسازی...هیتد دەگرێتەوە .(ناصر، 2013: 144) لە هەمانکاتدا ، بریتییە لە تەواوی ئەو خەسڵەتە مادی، ڕوحی، فکری و سۆزدارییانەی کە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو جیادەکاتەوە. ئەو خەسڵەتانەش بریتین لە هونەر و ئەدەب و شێوازەکانی ژیان و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و سیستەمی بەهاکان و داب و نەریت و بیروباوەڕەکان.( عبدالله، 2010: 88 )

کولتور ساتی تێفکرینە لە چۆنییەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵە مرۆڤێکە لە کۆمەڵگەیەکی جیاوازەوە لەگەڵ کۆمەڵە مرۆڤێکی تر لە کۆمەڵگەیەکی تردا. بۆ نموونە کولتوری وڵاتی فەرنسا لەگەڵ کولتوری وڵاتی ئەڵمانیا جیاوازە هەرچەندە سەر بەیەك کیشوەرن. لە بنەڕەتدا چەمکی کولتور لە وشەی (Culture)ی لاتینییەوە وەرگیراوە بە واتای چنینی بەروبوومەکان بە تایبەت بەر هەمە کشتوکاڵییەکان، هەروەك بنچینەی وشەکە دەگەڕێتەوە سەر وشەی (agriculture) واتە گشتوکاڵەوە.(Williams, 1985: 90 .

بەشێک لە نووسەرانی کورد وشەی کەڵچەر(Culture) بەکاردەهێنن، بەڵام بەپێتی عەرەبی و شێوازی نووسینەکەشدا هێنایان و ڕێك نەکەوتون وشەکانی (کەلتور، کولتور، کلتور) بەکاربهێنن بەوپێیەی لە هەر کۆمەڵگە و زمانێکدا چەمکی کولتور شێوازی جیاواز بەکارهاتووە. .(شوانی، 2017: ١57)

**دووەم: جۆرەکانی کولتورو کولتوری کوردی:**

جۆرەکانی کولتور بە شێوەیەکی گشتی لە سێ جۆردا خۆیدەبینێتەوە کە بە کورتی باسی لێوە دەکەین.

**أ. کولتوری گشتی:** بریتییە لەو ڕەگەز و ماکە کولتورییانەی کە تاکەکانی کۆمەڵ شوێنکەوتنیان، بۆ نموونە زمان کە گرنگترین رایەڵەی پێکەوەبەستن و تێگەیشتنی نیوان تاکەکانە. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا شتێکی زۆر دەگمەن دەبوو ئەگەر ئەندامی هۆزێك زمانی هۆزەکەی تر بزانیایە، یاخود دیاردە کولتورییە مەدەنییەکان بۆ نموونە یاسای سزادانی تایبەت بە کوشتن، دزیکردن، تەعەداکردن و چەندانی تر. .(شوانی، 2008: 20)

**ب. بابەتە کولتورییە ناجێگیرەکان:** بریتییە لە کۆمەڵێك نەریتی سۆسیۆکولتوری، کاتێک تاك ڕووبەڕووی چەند بژاردەیەکیان دەبێتەوە، بۆ نموونە لە کولتوری ئیسلامیدا ڕێگەدراوە کەسێک کچی مامی یان خاڵ بهێنێت ئەمە دەشێ ڕەهەندێکی کولتوری بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا فۆرمێکی کۆمەڵایەتیشە و دۆخێکی هەستیاری هەیە و لە هەرکۆمەڵگەیەك ڕووبەڕووی کۆمەڵێك مەرج دەبێتەوە.(شوانی، 2017: ١٦٤)

**ج. کولتورییە تایبەتەکان:** بەپێی تایبەتمەندی و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەك دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە، پۆشاك و جلپۆشین لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی تر دەگۆڕدرێت "هەروەك چۆن لە کولتوری هەندێك ناوچە ناکرێت کیژێك بچێتە دەرەوە بە پۆشاکێکی زۆر تەنك و شەفافەوە، لە هەندێکیشی ئەتوانێت و بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی سەیر ئەکرێت(احمد، 2022: 8)

- **ماکە پێکهێنەرەکانی کولتوری کوردی:**

کولتور، پێکهاتەیەکی فرەچەشن و ئاڵۆزی هەیە، نەک هەر تەنها داب و نەریت، بەڵکو زمان، یاسا، هونەر، باوەڕەکان، رەوشت تەنانەت زانستی و مەعریفەش لە خۆدەگرێت. پێکهاتەی کولتور بەپێی ناوچەکان دەگۆڕدرێت بەڵام

لەهەمانکاتدا چەند ماکێکی هاوبەش هەن کە بنچینەی جیاکردنەوەی کولتوری نەتەوەیەکن لە نەتەوە یان ناوچەکانی تر، لەم بەشەدا بەکورتی چەند پێکهاتەیەکی کولتوری کوردی دەخەینەڕوو:

**1- زمان:** زمانی کوردی بەیەکێك لە زمانە کۆنەکانی ناوچەکە دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەی ئەم زمانە لە خشتەی زمانە جیهانییەکاندا سەر بە زمانە ئێرانییەکانە بەڵام ئەمە واتای ئەوەی نییە کە ئێرانی نوێ مەبەست بێت، بەڵکو ئێرانی دێرین، یاخود سەردەمی میدی و ساسانی و ئیخمینییەکانە، کە کوردیش بەڕێوەبەری ئەو وڵاتەبووە بۆ چەندان ساڵ، هەندێک لە نوسەران پێیانوایە زمانی کوردی زیاتر لە زمانی فارسییەوە نزیکە تاکو زمانی مادەکان، بەڵام توێژەری مێژوویی سۆرانی حەمەڕەش لە پەرتووکی (The lost and untold history of Kurdistan) ئاماژەی بە توێژینەوەیەکی (Michael M Gunter)کردووە کە بە بەڵگەوە دێرنی زمانی کوردی سەلماندووە، لە ڕێگەی بەراوردکاری بابەت وشەکان لەگەڵ زمانە کۆنەکانی هەریەك لە ماد و سۆمەری کە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیەبوون (Gunter، 2023: 16).

2- **پۆشاك:** جلوبەرگی کورد خاوەنی تایبەتمەندی جیاکەرەوەی خۆیەتی، بەدرێژایی چەندین ساڵ نەوە بۆ نەوە بۆی ماوەتەوە بە شێکە لە ناسنامەی کە لە تورك و عەرەب و فارسی جیادەکرێتەوە، بەدەر لە پۆشاک و کۆڵوانەی ژنان سەروبەندی کوردی پوزەوانە؛ کۆمەڵێک کەرەستە و خشل و کەلوپەلی ڕازاندنەوەش لە خۆدەگرێت،کە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا بەکاردەهێنرێن.

**3- وێژە:** کورد خاوەنی شاعیرانی خۆی بووە بۆ چەندیەن ساڵ لە بابا تاهیری هەمەدانەوە کەسەرەتای ئەدەب و هونەری کوردییە تاکو شیعری پۆست مۆدێرنی کوردی کە ئێستە لە هایکو و شیعری نوێدا خۆی ئەبینێتەوە (عبید ، 2014: 21).

**4- بیروباوەڕ و دابونەریت:** گەر بەوردی بڕوانینە ناوچەکە، کورد کاریگەری ئایینە کۆنەکانی وەك میترایی و ئاینی زەردەشتی و ئایینەعیرفانییەکانی تری بەسەرەوە ماوە هەتاکو ئێستاش، کە ئەم ئایینانە موڵکی گەلانی ئێرانین، بۆیە ئایینداری و باوەڕی کوردی جیاوازی زۆرە لەگەڵ باوەڕی سونەیەکی تری هەمان مەزهەبی عەرەب، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و چەندین هۆکاری ترەوە، بۆ نموونە ڕێزگرتنی زۆری کورد لە ئافرەت و کارکردنیان شان بەشانی پیاوان لەدێر زەمانەوە تایبەتمەندییەکی ژنسالاری کۆمەڵگەی کۆنی کوردی بووە کە تاکو ئێستاش ماوەتەوە، یاخود بوونی باوەڕ بەخودا و ڕۆژی دوایی و ئایینداری بەڵام شایی و هەڵپەرکێ و ڕەشبەڵەکی کوردی دەرخەری ئەو فۆرمە کۆمەڵایەتییە مێژوویەی کوردە کە ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، لەژێر هەر تەوژمێکی فیکری و سیاسیدا بێت. بۆیە کورد خاوەنی کولتور ، ئەدەب و تێگەشتنی خۆیەتی کە جیایدەکاتەوە لەگەلانی تر و تایبەتمەندییە بۆ گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتی(گالیتی، 2008: 11).

### سێیەم: پەیوەندی میدیا بە کولتورەوە:

لە کایەی ئەکادیمیای میدیاییدا، دوو ڕێبازی هزری جیاواز هەن، کە هەر یەکێکیان بە جۆرێک پەیوەندی نێوان کولتور و میدیا دەخەنەڕوو: یەکێکیان میدیا سەنتەرگەرا و ئەوەیتریان کولتوور. یەکێکیان کولتور وەك هێزێکی ناوخۆی میدیا دەبینێت لە کاتێکدا ئەوەیتریان کولتوور وەك هێزێکی دەرەکی کارتێکەر دەبینێت کە کار لە میدیا دەکات. پۆلێنی یەکەم ئەو توێژینەوانە لە خۆدەگرێت کە وەك شێواز و پراکتیزەی بوارەکە دەڕواننە کولتوور بۆ نموونە



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کولتووری تەلەفزیۆن، کولتووری رۆژنامەگەری... تاد، گشتگیرتر بڵێین واتە کولتووری میدیایی. ڕێبازەکەی تر میدیا وەک کارگەیەکی کولتوری دەبینێت کە هەم کولتور بەرهەمدەهێنێت، هەم کولتور هاوردە دەکات. لە هەمانکاتدا لە ڕێگەی میدیاوە کولتور زیاتر گەشەدەسەنێت و فۆرمی تر وەردەگرێت. لەگەڵ هەر گۆڕانکاری لە ڕەوتی کۆمەڵگا گۆڕانکاری لە میدیا و کولتوریشدا هاتووە، ئەو گۆڕانەش لە کولتوری تاک و کۆمەڵدا رەنگدانەوەی زۆری هەبووە، شۆڕشی پەیوەندییەکان لە دونیای نوێدا، شۆڕشی کولتوری لێکەوتووەتەوە و میدیاکانیش لەگەڵ خۆیاندا کولتوری نوێیان بەرهەم هێناوە و سەرچاوەی ئەو کولتورەش ئەو کۆمەڵگایانەیە کە شۆڕشی پەیوەندیەکانیان ئەزموونکردووە، ئەم کولتورە تازە و جیهانییە بووەتە هۆی ئەوەی کە کولتورەکان لێکنزیک ببنەوە و ڕوو لە هەموو نەتەوە و نیشتمان بکات (ئیسماعیل ، شەریف، 2024: 154).

**چوارەم: کاریگەری میدیا لەسەر کولتوری کوردی:**

تەواوی ئەو ماکە پێکهێنەرانەی لە ڕووی کولتورییەوە بایەخدارن، بەشێکن لە شوناسی کولتوری. میدیاکان، بە ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەری دەکەنە سەر شوناسی کولتوری یان پەیوەندی نێوان ئەو پێکهاتانە پتەو دەکەن یان دەبنە هۆی لێکترازانیان. میدیا، ئەگەر بەهاو دابونەریتەکانی کۆمەڵگا بە هێزبکەن، دەبێتە هۆی سەرخستنی بەها و شوناسی کولتوری؛ بە پێچەوانەوە ئەگەر بەها کولتور دابونەریتەکانی کۆمەڵگا لەلایەن میدیاکانەوە وەلابنرێن و گرنگی پێنەدرێت ئەگەری هەیە کۆمەڵگاش مۆرکی رەسانەیەتی خۆی بە کولتور، مێژوو، بەها کۆمەڵایەتییەکان بەرەو دابڕان و لێکترازان بچێت، ئەوەش زیان بە شوناسی نەتەوەیش دەگات، ئەو تێگەیشتنەشمان لە میدیاکان و تۆڕەکانی پەیوەندی هەبێ کە ئەمانە کەرەستەی گەلێکی پەیوەندین تا تاکەکانی کۆمەڵگا لە سێبەریاندا لە پەیوەندی دابن و ئاستی شوناسی نەتەوەیی خۆیان وەک سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی سەربخەن (ئەحمەد ، 2010: 49).

**پێنجەم: بەرنامەی تەلەفزیۆنی و کولتوری کوردی:**

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان ژانر و فۆرماتی تایبەت بەخۆی وەرگرت کە تیایدا وێنەی جوڵاو و دەنگ و تێکست بونیان هەبێت هەر بەرنامەیەک تایبەت بە بوارێکی دیاری کراو بێت.(الحسن، ١٩٨٦: 195) بەرنامەی تەلەفزیۆنی، بەواتای ئەو چوارچێوەیە دێت کە وادەیەکی زەمەنی دیاریکراوی هەیە و لەڕێگەیەوە بابەتەکان پەخش دەکرێن، بەواتایەکی دیکە، چەند بابەتی دیاریکراو دروست دەبن، کە ئاڕاستەی جەماوەرێکی تایبەت یان گشتی دەکرێن، کە لە ئەنجامی حەز و ئارەزوی خەڵك دروست دەبن، کە مەبەستیانە زۆرترین وەرگر لە ئامێزبگرن، دەکرێت بەرنامەکان بۆ چینێك یان توێژێکی تایبەت بن، یاخود گشتی بن. (جەلال، 2018: 64). لەم سۆنگەیەشەوە، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، فۆرمێکی هونەری دیاریکراوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بەناوێکی دیاریکراو، بۆ گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو، ڕۆژانە، هەفتانە، نیومانگ جارێك، مانگانە، یان بە بۆنەیەکی تایبەت، لەناوستۆدیۆ، یان لەدەرەوەی ستۆدیۆ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان تۆمارکراو پێشکەش دەکرێت (شلبی، 1994: 89).

ئەو بەرنامانەی لە تەلەفزیۆندا هەن تایبەتە بە کولتور و بابەتی کوردەواری دەچێتەقالبی جۆرێکی دیاری کراوی بەرنامەوە کە پێی دەوترێت بەرنامەی کۆمەڵایەتی و تەرفیهی، ئەم جۆرە بەرنامانە مەبەست لێیان کات بەسەربردنێکی خۆشە دور لەوەی کە ئەگوزەرێت لە بەرنامە جدییەکاندا و تێکەڵ بە کولتور و میوزیك و شادی و خۆشی دەبێت (جرجس، 2019: 51).

**بەشی سێیەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: بەرنامەی کوردسات کوردەواری:**

کوردسات کوردەواری: بەرنامەیەکی پێشبرکێی زانیارییەخشە، ئامانج لێی ناساندنی کولتوری کوردییە، لە رێگەی یارییە کوردەوارییەکان ماک و کەرەستە کەلەپورییەکان دەخاتە روو. پرسیارکردن لەسەر ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی لە مێژوودا بەکاریان هێنراون، بە دیاریکراوی لەنێو ژیانی گوندەکاندا. ئەم بەرنامەیە، هەفتانە لە ماوەی 45-50 خولەکدا لەرێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و هۆیەکانی نامەناردنی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان، وەرگر بەشداری لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تایبەت بە کەرەستە و یارییە کوردەوارییەکان دەکات بۆ بەدەستهێنانی خەلاتی بەرنامە. ئەم بەرنامەیە یەکەم ئەڵقەی لە 2024/3/11 دەستی پێ کردووە و، کەیەکەم رۆژی مانگی رەمەزان بووەو وە دوای رەمەزانیش بەردەوام بووەو هەفتانە پێشکەش کراوە و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

- **پێکهاتەی بەرنامەکە:**

بەرنامەکە لە چەند برگەیەکی جۆراو جۆری هونەری، کەلەپوری و کولتوری لە خۆ دەگرێت، لە رێگەی میوانداریکردنی هونەرمەند و تیپی میوزیک و، چەند گۆرانییەکی رەسەنی کوردی پێشکەشدەکرێت، برگەکانی تری بەرنامەکە پێک دێن لە:

1- **بوراقی کوردەواری:** سندوقێکی بوراق بەشێوەیەک دیزاینکراوە کە 12 تاکی چوارگۆشەیی لە خۆدەگرێت(کە هەر تاکێکی ناوی مانگە کوردیەکانی لەسەرە ) بۆ دانان و شاردنەوەی کەرەستە ئەنتیک و کەلەپورییەکان بۆ ئەوەی بینەر سەرپشك بێت لە هەڵبژاردنی یەکێک لەو تاکانە تاوەکو پرسیارەکەی بۆ دەردەچێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- **ژیانی کوردەواری:** گرافیکی 4 پیکچەری ڤیدیۆیی بۆ خستنەبەرچاوی بینەر لە شاشەوە کە تیایدا 5 وێنەی ستیلی ڤیدیۆکان دەبینێت کە تایبەتە بە ژیانی گوند نشین و سەرپشك دەبێت لە هەڵبژاردنی ڤیدیۆیەك و پلەی کردنی لە پلەی ئاوت بۆ ئەو کەسەی پەیوەندی کردووە.

ب- -**یاریی کڵاوێن:** لە رێگەی پەیوەندی راستەوخۆی تەلەفۆنییەوە، بینەر بەشدار یارییەکە دەکات و سەرپشك دەکرێت لەهەڵبژاردنی یەکێك لە کڵاوەکان لە زانینی وەڵامی راست وەرگر خەڵات وەردەگرێت.

ت- (پیشەی کوردەواری ) گرافیکی هەرجارە پیشەیەك، بەجۆرێك یەك پیکچەرییە و بینەر سەرپشك دەکرێت کە ئەگەر هاتوو برگەی پیشەی کوردەواری هەڵبژارد ئەوا راستەوخۆ ڤیدیۆی پیشەکە کە پێشتر تۆمارکراوە پیشان دەدرێت و بینەر تەنها 30 چرکەی هەیە بزانێت ناوی پیشەکە چیە؟ دەشتوانرێت سێ هەڵبژاردەشی بدرێتی.

ث- برگەیەکی تر یاری هەڵماقۆیە (یاریەکی کۆنی کوردەواریە)کە راستەوخۆ بەشداربوان دێنە ناو ستۆدیۆی بەرنامەکەو یاریەکە ئەنجام دەدەن ئەگەر بردیانەوە ئەوا خەڵات دەکرێن.( چاوپێکەوتن لەگەڵ (عوسمان ، ئاری عومەر) ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەی کوردسات کوردەواری لە بەرواری 2025/2/12).

**دووەم: خستنەڕووی فۆرمی ڕاپرسی وداتاو زانیارییەکان:**

**1-2: تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە:**

بە پێی ئەو زانیاریانەی لە خشتەی ژمارە (1) دا خراوەتەڕوو، کە تایبەتە بە تایبەتمەندی دیمۆگرافی خوێندکاران (ڕەگەز، تەمەن، بەشی خوێندن و باری کۆمەڵایەتی) دەردەخات بەپێی خشتەکە:

**برگەی یەکەم:** کە ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، ڕەگەزی نێر بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (54.22٪). ڕەگەزی مێ بە پلەی دووەم دێت، کە دەکاتە (45.77٪)ی کۆی گشتی سامپڵی وەرگیراو.

**برگەی دووەم:** تەمەنی سامپل دەردەخات وەك لە خشتەکەدا دیارە تەمەنی 48 بەرەو ژوور لە ڕیزبەندی یەکەمدایەو بە چەند بارەی (46) لە کۆی (225) خوێندکار ڕێژەکەی دەگاتە (20.44%)، بە ڕێژەی دووەم تەمنیان لە نێوان (43-47) ساڵدایەو ڕێژەکەی دەکاتە (18.66%). پۆلێنی تەمەنی (38-42) بە پلەی حەوتەم و پۆلێنی تەمەنی (کەمتر لە 18)دا کە گەنجترینیان لە کۆتایی ڕیزبەندەکە دایە بە ڕێژەکەی دەکاتە (0.88%).

هۆکاری ئەم جیاوازی تەمەنە ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە سامپڵی توێژینەوەکە خوێندکارانی ئیواران و زۆرترنیان تەمەنیان هەیەو لە قۆناغەکانی خوێندن دابراون و گەراونەتەوە بۆ پەیمانگاو زانکۆکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەك. کەمترین خوێندکار تەمەنیان لە خوار 18 ساڵە لەبەر ئەوەی خوێندنی ئیواران زیاتر تەمەنیان گەورەیە.

**برگەی سێیەم:** بەشی خوێندکاران دیاری دەکات کە لە کۆی (504) خوێندکار لە هەرسێ بەشەکە، بەشی تەکنیکی میدیا ڕێژەی یەکەمی وەرگرتوە کە دەگاتە (42.66%) ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە خوێندکارانی ئەم بەشە زیاتر پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکەوە. خوێندکاری کارگێری کارن بە ڕێژەی دووەمی سامپڵی توێژینەوەکە دادەنرێن بە ڕێژەی (33.33%). ڕێژەی سێیەمی سامپڵەکە بەشی ژمێریارین کە (24%)ی کۆی گشتی پێک دەهێنن، لەبەر ئەوەی خوێندکارانی ئەم بەشە کەمتر پەیوەندیان هەیە بە بابەتی توێژینەکەوە هەیە.

**برگەی چوارەم:** باری کۆمەڵایەتی سامپڵی توژینەوەکە دەردەخات بە پلەی یەکەم سامپڵی توێژینەوەکە خێزاندارن و ڕێژەکەی دەگاتە (68.44%)، بە پلەی دووەم سەڵتن و ڕێژەکەی دەگاتە (31.55%).

**خشتەی ژمارە (١)**

**تایبەتمەندی دیمۆگرافی خوێندکاران**

| ژمارە | تایبەتمەندی دیمۆگرافی | | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەگەز | نێر | ١٢٢ | ٪٢٢.٥٤ | یەکەم |
| | | مێ | ١٠٣ | ٪٤٥.٧٧ | دووەم |
| | | **کۆ** | ٢٢٥ | ٪١٠٠ | **ڕیزبەندی** |
| | | کەمتر لە ١٨ ساڵ | ٢ | ٪٠.٨٨ | هەشتەم |
| | | ١٨-٢٢ ساڵ | ٢٩ | ٪١٢.٨٨ | پێنجەم |
| | | ٢٣-٢٧ ساڵ | ٤٠ | ٪١٧.٧٧ | سێیەم |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | **تەمەن** | ٢٨-٣٢ ساڵ | ٣٨ | ٪١٦.٨٨ | چوارەم |
| | | ٣٣-٣٧ ساڵ | ٢٥ | ٪٦.٦٦ | شەشەم |
| | | ٣٨-٤٢ ساڵ | ٢٣ | ٪٥.٧٧ | حەوتەم |
| | | ٤٣- ٤٧ ساڵ | ٤٢ | ٪١٨.٦٦ | دووەم |
| | | ٤٨ ساڵ بەرەوژوور | ٤٦ | ٪٢٠.٤٤ | یەکەم |
| | | **کۆ** | ٢٢٥ | ٪١٠٠ | **ڕیزبەندی** |
| ٣ | **بەش و ژمارە** | تەکنیکی میدیا(١٠٩) | ٩٦ | ٪٤٢.٦٦ | یەکەم |
| | | ژمێریاری(١٨٢) | ٥٤ | ٪٢٤ | سێیەم |
| | | کارگێری کار (213) | ٧٥ | ٪٣٣.٣٣ | دووەم |
| | | **کۆ** | ٢٢٥ | **ڕێژەی سەدی** | **ڕیزبەندی** |
| 4 | **باری کۆمەڵایەتی** | خێزاندار | ١٥٤ | ٪٦٨.٤٤ | یەکەم |
| | | سەڵت | ٧١ | ٪٣١.٥٥ | دووەم |
| | | **کۆ** | ٢٢٥ | ٪١٠٠ | |

2-2: پرسیارەکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە:

ئەم تەوەرەیان سەرجەم ئەو برگەو بژاردەو پرسیارانە لە خۆ دەگرێت کە کە تایبەتە بە بابەتی توێژینەوەکەوە لە ڕێگەی خشتەو داتاو ئامارو ڕێژەی سەدی زانیارییەکان خراونەتە روو.

بینەربوونی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان:

بە گوێرەی زانیارییەکانی خشتەی (2)ی تایبەت بە رادەی بینەری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ڕێژەیەکی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە بینەری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانن کە بە (88.88%) پلەی یەکەم پێک دەهێنن، ئەمەش بەو مانایە دێت کە بینەری کەناڵە ئاسمانییەکان ڕێژەیەکی بەرزوو زۆری هەیە، بە ڕێژەی دووەم هەندێك جار دێت، کە ڕێژەکەی دەگاتە (8.88%) . بە ڕێژەی سێیەم سامپڵی توێژینەوەکە نەخێر بینەری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان نین کە ڕێژەکەی دەکاتە (1.77%) ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە و زۆرترینی بەرتوێژان بینەری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانن.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**بینەری کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان**

| هەڵبژاردنەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 201 | ٪88.88 | یەکەم |
| نەخێر | 4 | ٪1،77 | سێیەم |
| هەندێک جار | 20 | ٪8.88 | دووەم |
| کۆ | 225 | ٪١٠٠ | |

**1- ڕادەی گرنگی کەناڵە ئاسمانییەکان بە بەرنامە کولتورییەکان:**

خشتەی (3) ڕادەی گرنگیدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بەرنامە کولتورییەکان دەردەخات، لە دیدی بەرتوێژانەوە، ڕادەی گرنگیدانەکە ڕێژەیەکی بەرزی هەیە کە دەکاتە (%48.96)ی کۆی گشتی پێک دەهێنێت. بە پلەی دووەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان تارادەیەك گرنگی بە بەرنامەی کولتوری دەدەن و ڕێژەکەی دەکاتە (%34.38) بە پلەی سێیەم وەڵامی کەم گرنگی پێ دەدرێت ڕێژەکەی دەگاتە (%10.85)، بە پلەی چوارەم و کۆتای تەنها بە ڕێژەی (%6.78) پێیانوایە هیچ گرنیەك بە بەرنامەی کولتوری نادرێت لە لایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە. لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە ڕێژەیەکی باش گرنگیان داوە بە بەرنامە کولتورییەکان.

**خشتەی ژمارە (3)**

**ڕادەی گرنگی کەناڵەکان بەبەرنامەی کولتوری**

| ڕادەی گرنگی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 106 | ٪48.96 | یەکەم |
| تاڕادەیەک | 76 | ٪34.38 | دووەم |
| کەم | 24 | ٪10.85 | سێیەم |
| نییە | 15 | ٪6.78 | چوارەم |
| کۆ | 221 | ٪١٠٠ | |

**2- ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانەی بایەخ بە کولتور دەدەن:**

خشتەی (4) تایبەتە بەو کەناڵە ئاسمانیانەی گرنگی بە بەرنامەی کولتوری دەدەن، بەپێی شیکاری داتاکان، کەناڵی ئاسمانی کوردسات لە ریزبەندی یەکەمدایە و ڕێژەی یەکەمی وەرگرتووە کە دەگاتە (%47.96)، کەناڵی گەلی کوردستان بە ڕێژەی دووەم دێت کە ڕێژەکەی (%14.47) وەرگرتووە. لە دیدی بەرتوێژان (کەناڵ 8) بە پلەی سێیەم

دێت لەڕووی بایەخدان بە کولتور کە ڕێژەکەی دەگاتە (12.28%) تۆمارکردووە، بە ڕێژەی چوارەم کەناڵی ئاسمانی سپێدەیە کە بایەخی بە بەرنامەی کولتوری و ئاینی داوەو لە ڕێگەی بەرنامەکانیەوە بۆتە هۆکار بۆ پاراستن و هێشتنەوەی شوناسی کولتوری کوردی کە ڕێژەکەی دەگاتە (6.33%). کەناڵی کوردماکس بە ڕیزبەندی نویەم و ڕێژەی (2.26%) و دوا کەناڵیش ئاڤا میدیا لە ریزبەندی کۆتایی و دەیەمدایە بۆ گرنگیدان بە بەرنامەی کولتوری کوردی کە ڕێژەکەی دەگاتە (1.80%) کۆی ڕێژەی گشتی . وەك لە خشتەکەشدا دیارە کوردسات لە ریزبەندی یەکەمدایە بۆ بایەخدان بە کولتور، کە لە ڕێگەت بەرنامە جیاوازو هەمەرەنگەکانی توانیوێتی ببێتە جێگەی بایەخی بینەران و وەك میدیایەك لە ڕێگەی بەرنامەکانیەوە هۆکارێك بێت بۆ پاراستنی کولتوری کوردی.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**چ کەناڵێک زیاتر بایەخ بە کولتوری کوردی دەدات**

| کەناڵەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| کەناڵ 8 | 25 | ٪12.28 | سێیەم |
| کوردسات | 106 | ٪47.96 | یەکەم |
| سپێدە | 14 | ٪6.33 | چوارەم |
| ئاڤا میدیا | 4 | ٪1،80 | دەیەم |
| گەلی کوردستان | 32 | ٪14.47 | دووەم |
| NRT2 | 10 | ٪4.52 | شەشەم |
| کوردماکس | 5 | ٪2.26 | نۆیەم |
| ڕووداو | 8 | ٪3.61 | حەوتەم |
| کوردستان 24 | 11 | ٪4.97 | پێنجەم |
| کوردستان | 6 | ٪2.71 | هەشتەم |
| کۆ | 221 | ٪100 | |

**3- ڕادەی بینەربوون بۆ بەرنامەکانی کەناڵی کوردسات:**

وەك لە خشتەی (5)دا دیارە کە تایبەتە بە ڕادەی بینەربوونی بەرتوێژان بۆ بەرنامەکانی کەناڵی کوردسات، کە بە ڕێژەی یەکەم بەڵێ بینەری بەرنامەکانی کەناڵی کوردستان کە ڕێژەکەی دەگاتە (79.18%) کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و بینەرێکی زۆری هەیە. بە ریزبەندی دووەم تارادەیەك بینەری بەرنامەکانی گەناڵی کوردستان کە ڕێژەکەی دەگاتە (17.19%)، بە ریزبەندی سێیەم بەرتوێژان نەخێر بینەری بەرنامەکانی کوردسات نین و ڕێژەکەی دەگاتە (3.61%).

**خشتەی ژمارە ( ٥ )**

**بینەربوون بۆبەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردسات**

| ڕادەی بینەربوون | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 175 | ٪79.18 | یەکەم |
| تارادەیەک | 38 | ٪17.19 | دووەم |
| نەخێر | 8 | ٪3.61 | سێیەم |
| کۆ | 221 | ٪١٠٠ | |

**4- تەماشاکردنی بەرنامەکانی کەناڵی کوردسات لە ڕۆژێکدا:**

. خشتەی(6)ڕێژەی ئەو کاتژمێرانە دەخاتەڕوو، کە ڕۆژانە بەرتوێژان بەدیار کەناڵی کوردساتەوە بەسەردەبەن. (1-2) کاتژمێر بە پلەی یەکەم دێت کە بەرتوێژان بەدیارکەناڵی کوردساتەوە بەسەردەبەن، کە دەکاتە (71.94%)ی کۆی گشتی ئەوەش بە ڕێژەیەکی بەرز ئەژمار دەکرێت. بە پلەی دووەم بەرتوێژان ڕۆژانە (2-3) کاتژمێر تەماشای کەناڵی کوردسات دەکەن، کە (13.57%)ی کۆی گشتی پێکدەهێنێت و ڕێژەی (9.95%) بەرتوێژان (3-4) کاتژمێر بینەری کەناڵی کوردساتن کە ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتوە. داوا ڕیزبەندی و چوارەم (زیاتر لە 5 کاتژمێر) بینەری کەناڵی کوردساتن.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ژمارەی کاتژمێر بۆ بینەری کەناڵی کوردسات**

| کاتژمێرەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ١-٢ | 159 | ٪71.94 | یەکەم |
| ٢-٣ | 30 | ٪13.57 | دووەم |
| ٣-٤ | 22 | ٪9.95 | سێیەم |
| ٥ کاتژمیر و زیاتر | 10 | ٪4.52 | چوارەم |
| کۆ | 221 | ٪١٠٠ | |

**6-ڕادەی گرنگی کەناڵی کوردسات بە بواری کولتوری:**

خشتەی (7) تایبەتە بە ئاستی گرنگیدانی کەناڵی کوردسات بە بواری کولتور. بە پێی ئەنجامی شێکارییەکان، دەردەکەوێت کە لە ڕوانگەی بەرتوێژانەوە ڕادەی گرنگیپێدانی کەناڵی کوردسات بە بواری کولتور لە ئاستێکی بەرزدایە کە بە ڕێژەی (91.40%) پلەی یەکەم تۆماردەکات. لە کاتێکدا بەشێکیان پێیانوایە تا ڕادەی گرنگیپێدانەکە لە

ئاستێکی مامناوەندایە کە بە ڕێژەی (6.78%) پلەی دووەمی وەرگرتووە. بە پلەی سێیەم بەرتوێژان پێیانوایە کەناڵی کوردسات کەم گرنگی بە بواری کولتوری دەدات کە ڕێژەکەی دەگاتە (1.80%). بەم ئەنجامە، بۆمان دەردەکەوێت کە کەناڵی کوردسات یەکێکە لەو کەنالانەی کە بایەخێکی زۆری داوە بە بواری کولتوری وەک بەشێک لە پاراستن و بەهێزکردنی ناسنامەی کولتوری.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**گرنگی کەناڵی کوردسات بەبەرنامەی کولتوری**

| هەڵبژاردنەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 202 | ٪91.40 | یەکەم |
| تاڕادەیەک | 15 | ٪6.78 | دووەم |
| کەم | 4 | ٪1،80 | سێیەم |
| کۆ | 221 | ٪١٠٠ | |

**7-ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامەی کوردسات کوردەواری:**

خشتەی (8) ڕادەی تەماشاکردنی سامپڵی توێژینەوەکەیە بۆ بەرنامەی کوردسات کوردەواری. بە گوێرەی ئەنجامەکان، لە کۆی (221) کەس لە بەرتوێژان، (175)یان تەماشای بەرنامەکە دەکەن کە پلەی یەکەمی ریزبەندییەک تۆماردەکات بە ڕێژەی (79.18%). لە کاتێکدا ئەوانەی هەندێك جار تەماشای بەرنامەی کوردسات کوردەوارین دەکەن ڕێژەی (18.09%) کە پلەی دووەم تۆمار دەکەن. تەنها ڕێژەیەکی کەم لە بەرتوێژان تەماشای بەرنامەکە ناکەن کە بە پلەی سێیەم ڕێژەی (2.71)ی کۆی گشتی پێکدەهێنن. ژمارەی بینەران بۆ بەرنامەی کوردسات کوردەواری بەو ڕێژە بەرزە ئەماژەیەکی دیارە کە سامپڵی توێژینەوەکە کە خوێندکارانی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانین پێیانوایە بەرنامەی کوردسات کوردەواری ڕەنگدانەوەی کولتور و کەلەپوری کوردییە بەشێک لە ناساندن و پاراستنی ناسنامەی کولتوری پێک دەهێنن.

**خشتەی ژمارە (٨ )**

**بینەری بەرنامەی (کوردسات کوردەواری) لە کەناڵی کوردسات**

| هەڵبژاردنەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 175 | ٪79.18 | یەکەم |
| نەخێر | 6 | ٪2.71 | سێیەم |
| هەندێک جار | 40 | ٪18.09 | دووەم |
| کۆ | 221 | ٪١٠٠ | |

**8- گرنگیدانی بەرنامەی کوردسات کوردەواری بە کولتوری کوردی:**

لە خشتەی (9)دا کە تایبەتە بە ڕادەی گرنگی بەرنامەی کوردسات کوردەواری بە کولتورو شوناسی کوردی، دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم بەرنامەی کوردسات کوردەواری گرنگیەکی زۆر دەدات بە کولتورو شوناسی کولتوری کورد و ڕێژەکەی دەگاتە (91.16%) کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆربەرزەو بەرنامەکە توانیوێتی ئامانجی خۆی بەدەست بهێنێت. سامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە تا رادەیەك بەرنامەی کوردسات کوردەواری توانیوێتی گرنگی بە کولتوری کوردی بدات کە لە ریزبەندی دوەمدایەو ڕێژەکەی دەگاتە (6.97%)،وە بە ڕێژەی (1.86%) کەم گرنگیداوە بە کولتوری کورد و ریزبەندی سێیەمی وەرگرتووە.

**خشتەی ژمارە ( ٩)**

**ڕادەی گرنگیدانی بەرنامەی کوردسات کوردەواری بە کولتورشوناسی کوردی**

| ڕادەی گرنگی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 196 | ٪91.16 | یەکەم |
| تاڕادەیەک | 15 | ٪6.97 | دووەم |
| کەم | 4 | ٪1.86 | سێیەم |
| کۆ | 215 | ٪١٠٠ | |

**9- ناساندنی کولتوری کوردی لە ڕێگەی بەرنامەی (کوردسات کوردەواری)یەوە:**

خشتەی (10) کە ڕادەی ناساندنی کولتوری کوردی لە ڕێگەی بەرنامەی کوردسات کوردەواری بە بینەران پیشاندەدات؛ دەردەکەوێت، کە بە پلەی یەکەم بەرنامەکە تارادەیەکی زۆر ڕۆڵی هەبووە لە ناساندنی کولتوری کوردی و ڕێژەیەکی بەرزی هەیە کە دەگاتە (91.16%)، هەروەها بە پلەی دووەم تا ڕادەیەکی کەم بۆتە هۆی ناساندنی کولتوری کوردی و ڕێژەکەی دەگاتە (8.86%)، بەڵام هیچ ڕێژەیەك بە دەست نەهاتووە لەوەی کە بەرنامەی کوردسات

کوردەواری نەبۆتە هۆی ناساندنی کولتوری کوردی، ئەم ڕێژەیە ئەو ڕاستیە دەردەخات کە بەرنامەکە بە تەواوی بۆتە هۆی ناساندنی کولتوری کوردی و توانیویتی ئامانجی خۆی بپێکێت لە ڕاکێشانی سەرنجی بینەران بۆ بابەتە کولتورییەکان.

**خشتەی ژمارە ( ١٠ )**

**ڕادەی ناساندنی کولتوری کوردی لە ڕێگەی بەرنامەی (کوردسات کوردەواری) بە بینەران**

| هەڵبژاردەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | 196 | ٪91.16 | یەکەم |
| تاڕادەیەکی کەم | 19 | ٪8.83 | دووەم |
| نەبووتە هۆی ناساندی کولتوری کوردی | 0 | 0 | |
| کۆ | 215 | ٪١٠٠ | |

**10- ڕۆڵی بەرنامەی (کوردسات کوردەواری) لەپاراستن و هێشتنەوەی کولتورو شوناسی کوردی:**

لە خشتەی (11)دا، کە تایبەتە بە ڕۆڵی بەرنامەی کوردسات کوردەواری لە پاراستن و زیندوو هێشتنەوەی کولتور و شوناسی کولتوری کوردی، دەردەکەوێت، کە بە پلەی یەکەم تا ڕادەیەکی زۆر بەرنامەکە گرنگیدەدات بە پاراستن و هێشتنەوەی کولتورو شوناسی کولتوریداوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (88.37%)، کە بەر ڕێژەیەکی بەرز دادەنرێت و بەرنامەی کوردسات کوردەواری توانیوێتی ئەو ڕۆڵە بگێرێت بەرنامەیەکی پڕ بینەر بێت و ببێتە بەرنامەیەکی کولتوری کوردەواری و ڕۆڵی هەبێت لە پاراستن و هێشتنەوەی کولتورو شوناسی نەتەوەی کورددا. بەشێکی کەم لە بەر توێژان پێیانوایە کە بەرنامەی کوردسات کوردەواری تارادەیەکی کەم ڕۆڵی هەبووە لە پاراستن و هێشتنەوەی کولتوری کوردی کە ڕێژەکەی دەگاتە (11.62%) کۆی گشتی ڕێژەکە، هیچ کام لە بەرتوێژان ڕایان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە بەرنامەکە هیچ ڕۆڵێکی نییە لە پاراستن و هێشتنەوەی کولتوری کوردی.

**خشتەی ژمارە ( ١١ )**

**ڕادەی پاراستن و هێشتنەوەی کولتوری کوردی بەهۆی بەرنامەی (کوردسات کوردەواری)ەوە**

| هەڵبژاردەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تاڕادەیەکی زۆر | 190 | ٪88.37 | یەکەم |
| تاڕادەیەکی کەم | 25 | ٪11.62 | دووەم |
| نەبووتە هۆی پاراستن و هێشتنەوەی کولتوری کوردی | 0 | 0 | |
| کۆ | 215 | ٪١٠٠ | |

**11- گرنگیدانی بەرنامەی کوردسات کوردەواری بە کەرستەو کەلوپەلە کەلەپورییەکان:**

لە خشتەی (12)دا، رادەی گرنگیدانی بەرنامەی کوردسات کوردەواری بە کەرستەو کەلوپەلە کەلەپورییەکان پیشاندەدات، دەردەکەوێت کە بەرنامەکە بە رادەیەکی زۆر گرنگیدەدات بە کەلوپەلە کەلەپوریە کوردییەکان کە مۆرکی کوردەواری و نەتەوەی کوردی پێوەدیارە، لە ریزبەندی یەکەمدایەو رێژەکەی دەگاتە (94.88%)، کە ئەمەش رێژەیەکی بەرزە و ئەوە روووندەکاتەوە کە بەرنامەکە گرنگی تەواوی داوە بە پیشاندانی کەرستە کەلەپورییەکان و ئاشناکردنی وەگرد بەو کەرستانە، دەشێ ئەمە هۆکارێکی بێت کە بەرتوێژان پێیانوایە بەرنامەکە رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە پاراستن و هێشتنەوەی کولتورو شوناسی کوردی. بە رێژەی دووەم سامپڵی توێژینەوەکە پێی وایە کە بەرنامەکە بە رادەیەکی کەم گرنگیداوە بە کەرستەو کەلوپەلە کەلەپورییەکان کە رێژەکەی دەگاتە (5.11%) کە ئەمەش رێژەیەکی زۆر نییە بە بەراورد بە رادەی گرنگیدانی بەرنامەکە بە کەرستە کەلەپورییەکان.

**خشتەی ژمارە ( ١٢ )**

**گرنگیدانی بەرنامەی کوردسات کوردەواری بە کەرستەو کەلوپەلە کەلەپورییەکان**

| رادەی گرنگیدان | دووبارە | رێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| تارادەیەکی زۆر | 204 | ٪94.88 | یەکەم |
| تارادەیەکی کەم | 11 | ٪5.11 | دووەم |
| هیچ گرنگی پێ نەدراوە | 0 | ٪0 | |
| کۆ | 215 | ٪١٠٠ | |

**12- ئەو کەرەستەوکەلوپەلە کەلەپوری و کوردەواریانەی لەبەرنامەی کوردسات کوردەواری دا بەکارهاتوون:**

خشتەی (13) هەموو ئەو کەلوپەلانە لەخۆدەگرێت کە لە بەرنامەی کوردسات کوردەواریدا خراونەتەروو. بە پێی ئەنجامەکان دەرکەوێت، کە بە پلەی یەکەم بەرنامەکە گرنگیداوە بە کەرستە کەلەپورییەکان بە رێژەی (29.30%). یارییە دێت بە رێژەی (19.6%). لە پلەی سێیەمدا جل و بەرگی کوردەواری پێشکەشکارو کوردەوارییەکان لە ریزبەندی دووەمدا میوانانی بەرنامەك هاتووە بە رێژەی (16.27). بە پلەی چوارەم بەرنامەی کوردسات کوردەواری گرنگیداوە بە کەلوپەلی ناوماڵ، کە رێژەکەی دەکاتە (15.81%). یەکێکی تر لەو بابەتە کولتورییەکانی ناو بەرنامەکە خواردنە کوردەوارییەکانە کە لە ریزبەندی پێنجەمدایەو رێژەکەی دەکاتە (14.88%)، دوا کەرستەی کەلەپوری کە بەرنامەکە گرنگی پێداوە خشل و کەرستەی جوانکاری و رازاندنەوەیە کە ریزبەندی شەشەمی وەرگرتووە بە رێژەی (4.65%). لێرەوە بۆمان روووندەبێتەوە، کە بەرنامەی کوردسات کوردەواری گرنگی تەواوی داوە بە سەرجەم کەرستەو کەلوپەلە کوردەوارییەکان بینەرانی پێ ئاشناکردووە، ئەمە وایکردووە کە بەرنامەکە رۆڵێکی گرنگی هەبێت لە ناساندنی ئەو کەرستە کوردەواریانە وەک بەشێک لە هەوڵەکانی پاراستن و ناساندنی کولتوری کوردی.

**خشتەی ژمارە (١٣ )**

**کەرەستەوکەلوپەلی کەلەپوری و کوردەواری بەکارهاتوو** لەبەرنامەکەدا

| کەرەستە کەلەپورییەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| جلوبەرگی کوردەواری | 35 | 16.27٪ | سێیەم |
| کەرستە کەلەپورییەکان | 63 | 29.30٪ | یەکەم |
| خواردنە کوردەوارییەکان | 32 | 14.88٪ | پێنجەم |
| خشڵ و کەرەستەی جوانکاری | 10 | 4.65٪ | شەشەم |
| کەلوپەلی ناوماڵ | 34 | 15.81٪ | چوارەم |
| یارییە کوردەوارییەکان | 41 | 19.6٪ | دووەم |
| کۆ | 215 | ٪١٠٠ | |

**دەرئەنجام:**

1- بینەری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، بە تایبەت کەناڵی ئاسمانی کوردسات، بەر بەراورد بە کەناڵە کوردییەکانی تر. ئەم کەناڵە لە ڕێگەی بەرنامەکانییەوە بایەخ بە پرسە نەتەوەیی و کولتورییەکان دەدات.

2- کەناڵی کوردسات، بە ڕێژەیەکی زۆر گرنگیداوە بە کولتوری کوردی، وەک هەوڵێك بۆ ناساندن و ئاشناکردنی وەرگری کورد بە ڕەهەندە مێژوویی و کولتورییەکانی شوناسی کوردی.

3- بەرنامەی کوردسات کوردەواری وەك یەکێك لە بەرنامە کولتورییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بینەری هەیە. ئەم بەرنامەیە تائاستێکی باڵا لە ڕێگەی کەرەستە کەلەپورییەکان، وەرگرانی بە شوناسی کولتوری خۆیان ئاشنادەکات.

**4**- بەرنامەی کوردسات، لە ڕێگەی یارییە کوردەوارییەکان وەرگری کورد بەو ماکە کولتورییە مێژووییانە ئاشنادەکات کە بەشێکی زیندوون لە شوناسی کولتوری تاکی کورد.

5- بایەخدان بە جلوبەرگ، خواردن، خشڵ و کەرەستە جوانکارییەکان برگەکانی تری بەرنامەی کوردسات کوردەواری پێکدەهێنن، کە بەشێکی گرنگی شوناسی کولتوری تاکی کورد پێک دەهێنن.

6- بەرنامەی کوردسات کوردەواری توانیویەتی ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە پاراستن و هێشتنەوەی کولتورو شوناسی کولتوری کوردی، لە ڕێگەی خستنەڕوو، ناساندن و ئاشناکردنی نەوەی نوێ بەو ماکە کەلوپورییانەی کە کولتوری کوردی پێی دەناسرێت، بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەی کولتوری کوردی.

**ڕاسپاردە:**

لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، توێژەران ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخەنەڕوو:

1-گرنگی زیاتری میدیای کوردی بە تایبەت کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بەرنامەو پرۆگرامە جیاوازە کولتورییەکان و بابەتە کولتوریە کوردییەکان.

2- دامەزراندنی چەندین ڕێکخراو گروپ و ئینستویتی تایبەتی کەلەپوری و کولتوری لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە، بە ئامانجی ناساندن و پاراستنی کولتورو شوناسی کورد.

3-پێویستە دامەزراوە میدیاییەکان پابەندبن بە بنەماو پرەنسیپە یاسایی و ئیتیکیەکانی میدیاوە،بەرنامەکانیان لادان نەبێت لە داب و نەریتە کوردیەکان و دژی بنەما کولتوریەکان نەبن، لە پێناو پاراستن و هێشتنەوەی داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

**پێشنیاز:**

١- ئەنجامدانی توێژینەوە بە ناونیشانی: کاریگەریی میدیای نوێ لە پاراستن و گەشەسەندنی کولتوری کوردیدا.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوە بە ناونیشانی: ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە ناساندن و تێکەڵاوبوونی کولتورو شوناسی کورد بە کولتوری جیهانی. (تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووك بە نموونە).

3-ڕادەی سودوەرگرتنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە کولتوری کوردی بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەو بەرنامەی زیاترو باشتر سەبارەت بە بابەتە کولتوییە کوردییەکان .

4-دەزگای میدیای کوردسات بەرنامەی زیاتر بەرهەمبهێنێت لە بابەتە کولتوریە کوردییەکان، تا ببێتە پێشەنگ بۆ کەناڵەکانی دیکە لە پێناو پاراستنی کولتور و شوناسی نەتەوەی کوردا.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


1- ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوڵ، شەریف، دیار عەزیز(2024)، ئەنترۆپۆلۆژیا، هەولێر.
2- ئەحمەد، جەبار قادر(٢٠١٠)، کەلتور و سیاسەت، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
3- جەلال، سامان (٢٠١٨) هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆن، رادیۆ، ڕۆژنامە، میدیای ئەلیکترۆنی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
4- حسن ، سەمیر ابراهیم، زەنگەنە ، عەبدوڵا محمود (2011)، کولتوور و کۆمەڵگە، کەرکوك.
5- شوانی، محمد رەفیق (2010)، دەربارەی چەمکی کلتور، کرکوك لقی نوسەرانی کرکوك، گزنگ.
6- شوانی، محمد رەفیق (2017)، بنەچەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵناسی و دەرون ناسانی کوردستان.
7- شوانی، محمد رەفیق(2008)، زمانی کوردی و شۆڕشی لەناو زمانەکانی جیهاندا.
8- عەبدوڵا، عەدالەت (2010)، کولتوور ڕێبازی نوێ ، سلێمانی.
9- گالیتی ، میریلا (2008)، کلتوری کوردی لە دانراوی ئیتالیەکاندا، و/ ئیدریس عبدڵلا مستەفا، دەزگای پەخش و خانەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.
10- مالرۆب، میشێل(2009 )، ( مرۆڤ و ئاینەکان ) ڕۆلی ئاین لە ژیانی تاکە کەس و کۆمەڵایەتی دا، و/ عمران هاوای، باشووری کوردستان.
11- عبید، ئەرخەوان محمد (2014). دیاردە کلتورییەکان لە ئەحمەدی خانی دا، مەم و زین، سلیمانی.
12- ناصر،ئیبراهیم( 2013)، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەی، و/ نادر محمد، چاپخانەی تاران .باشوری کوردستان.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

1- حسن، الحسن(1986) الدولة الحديثة الاعلام و الاستعلام، دار العلم للملاين، بيروت.
2- شلبى،كرم (1994)، معجم المصطلحات الاعلامية، دار الجيل للطبع والنشر و التوزيع، بيروت.
3- جرجس، ميلاد الفي(2019)، الاذاعة والتلفزيۆن كظاهرة عالمية، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1. Gunter‹Michael M‹CE/ Soran Hamarash‹ (2023). *The lost and untold history of Kurdistan.* Slemany.
2. Williams, Raymond Williams, "Culture is Ordinary", in: Conviction, ed. Norman MacKenzie, London: 1958, 74-92, here p. 75-76 1976, p. 87
3. Williams, R. (1985). *Keywords: A Vocabulary of Culture and Society*. Oxford University Press,

**4- توێژینەوە:**

1- أحمد، ابراهيم حسن(2022)، الثقافة الكردية بين الإحياء و الإبادة خلال سنوات الأزمة السورية، مركزالفرات للدراسات.
2- قەرەداخی،بەهات حسیب،هەردەوان محمود کاکە شێخ( 2019)، پرسی شوناس لە میدیای نوێدا، شوناس لە تەونی جاڵجاڵۆکەیی Web1تا Web 3) توێژینەوەکی بڵاوکراوەیە لە (مجلة الفنون والندب وعلوم الانسانيات والاجتماع ، عدد خاص بالمؤتمر العلمي الاول لقسم التقنية الاعلامية، كلية الادارية- جامعة السليمانية التقنية)بڵاوکاوەتەوە، ژمارە ٣٨.

**5-چاوپێکەوتن:**

-(عوسمان ، ئاری عومەر) ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەی کوردسات کوردەواری، لە بەرواری( 2025/2/12)

## Abstract:

There is a complex and multifaceted relationship between culture and media. Media can serve as a vehicle for cultural dissemination, facilitating the importation of foreign cultural elements and, in some cases, contributing to the erosion of indigenous cultural identities. Conversely, media can function as a custodian of national culture, safeguarding and reflecting the various dimensions of a nation's cultural identity.

The Kurdish people possess a rich cultural heritage; however, due to historical repression and geopolitical fragmentation, they have encountered significant challenges in preserving their cultural

identity. This study seeks to critically examine the role of television programs in maintaining and promoting Kurdish cultural heritage, analyzing how media can either protect or undermine local cultural traditions.

While contemporary television content often acts as a conduit for foreign cultural influences—potentially diluting native traditions—certain programs are dedicated to the preservation of local culture. This research investigates television programs that actively promote Kurdish cultural identity through the integration of indigenous cultural materials and traditions.

A **descriptive research design** was employed, utilizing a **survey-based methodology**. The study was conducted at **Sulaimani Polytechnic University – Sulaimani Technical Institute**, with a randomly selected sample representing the research population.

Key Findings:

1-Kurdish television channels, particularly Kurdsat, attract a substantial audience in comparison to other Kurdish media outlets. This channel demonstrates a strong commitment to national and cultural issues through its programming.

2- Kurdsat Kurdwari has played a pivotal role in preserving Kurdish cultural identity by introducing younger generations to traditional cultural elements, thereby ensuring the continuity and preservation of Kurdish heritage.

Key recommendations:

1- Increasing the use of Kurdish satellite channels to promote Kurdish culture by producing more high-quality programs focused on Kurdish cultural topics.

2- Encouraging Kurdsat Broadcasting corporation to produce more programs on Kurdish cultural themes, enabling it to take the lead among other channels in preserving Kurdish culture and national identity.

**Keyword:** Tv-program, Kurdsat Kurdawari, preserving, culture.